## ئەیـــوب بارزانـــــی:

# پارتی لە شاری هۆشیاردا جێی نابێتەوەو هیچ زەمینەیەکی بۆ سەوز نابێت

لڤین

**لە گفتوگۆیەکی ورددا، شێخ ئەیوب بارزانی دەربارەی چەند تەوەرەیەکی سیاسیو مێژوویی بۆ گۆڤاری (لڤین) دەدوێت، کە بە شێوەیەکی زانستییانە رەخنە لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو حکومەتی هەرێم دەگرێت. هەروەها باس لە هەندێك ناکۆکیی ئایینیو سیاسیو مێژوویی بارزانییەکان دەکات. گرنگیی ئەم گفتوگۆیە لەوەدایە کە بارزانییەکی ئەکادیمیو سیاسییەکی کوردی، شیکاریی جەستەی حکومەتو پارتی دەکات.**



لای سەرکردایەتی ئێستاکە نەدزیتو نەبڕیت بەتەمەڵو مشەخۆر دادەنرێیت

ئەیوب بارزانی دیارترین کەسایەتیی ئەکادیمی بارزانییەکانو سیاسییەکی بەئاگای کوردە لە تاراوگە. هەرچەندە ئەو بەشی زۆری ژیانی لە دەرەوەی وڵات بەسەربردووە، بەڵام زۆر بەوردی دەتوانێت واقیعی سیاسیی ئێستای کوردستان بخوێنێتەوە، بۆیە بۆچوونەکانی لەپاڵ بەها سیاسییەکەیدا، بەهایەکی مێژوویی گرنگیان هەیە، کە دەکرێت لە رێی بۆچوونەکانییەوە، شیکارێکی نوێ بۆ دۆخی سیاسیی کوردستان بکرێت. ئەیوب بارزانی ئامۆزای مەسعود بارزانیی سەرۆکی پارتیو هەرێمەو لە پەیڕەوانی رێبازی نەقشبەندییە.

**لڤین: چۆن دەڕوانیتە مامەڵەی سیاسییەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ کێشەکانی ناوخۆی کوردستانو بەدەمەوەچوونی گرفتەکانی هاوڵاتییان؟ ئایا ئەم حکومەتە وەك دەسەڵاتێکی سیاسی ئەدا سیاسییەکەی تا چەند لەگەڵ حکومەتێکی مۆدێرنو بەتەنگەوەهاتووی هاوڵاتیانییەوەیە؟**

ئەیوب بارزانی: روانینم بۆ سەرکردە کوردییەکان لە دوو شێوەدا خۆی دەبینێتەوە:

ئەم سەرکردایەتییە چۆن رەفتار لەگەڵ گەلی کوردستاندا دەکات؟

ئایا ناوەڕۆکی «پەیوەندیی دەسەڵات بە گەلەوە» بە چ چەمکێك دەستنیشاندەکرێت؟

لێرەوەڕا دەبینم کە سەرکردایەتی بە شێوەیەکی چەواشانە گەلی کورد بەکاردەهێنێت بۆ چەسپاندنی مەبەستە شەخسیو بنەماڵەییەکانی خۆیان، ئەمەش لە رێی دەستبەسەراگرتنی گشت ئیمتیازێکی داراییو رامیاریو حکومیو مۆنۆپۆڵکردنی گرێبەستە بازرگانیو کۆمپانیا نەوتییەکانیانو داگیرکردنی زەوییە بەرفراوانەکانەوە. هەروەها بڕیاردان لەسەر دانانی وەزیران لە حکومەتی بەغداو حکومەتی هەرێم. دانانی ئەندامانی پەرلەمانو دەستوەردان لە دادگاو تالانو بڕینی ماڵو سامانی گەل. داپۆشینی ئەم کردەوە ناشیرینانە بە سیمایەکی جوان لە رێی راگەیاندنە حیزبییەکانیانەوە دەکرێت. ئەندامانی دەستنیشانکراویان لەسەروو یاساوەن، لە کۆشكو تەلاری رازاوەدان، رادەبوێرن بەبێ ئەوەی ترسیان لە هیچ کەسێك هەبێت. ئەو دەزگا داپلۆسێنانەیش کە هەیانە، ئاماژەن بۆ سەرکوتکردنی هەموو گۆڕانکارییەکی دیموکراتی، بۆ هەموو بزاڤو سەرهەڵدانێکی چاوەڕوانکراو.

نەفرەتترین حکومەت ئەو حکومەتەیە کە گەلەکەی کۆیلە بکات، دەستی ناپاکی بەسەر سەرچاوەکانی ژیانیدا بگرێت. میللەت والێبکات کە لەتاو نەبوونیو دابینکردنی تیکەی ژیانی بۆ ماڵو خێزانی ببێتە ملکەچو سەرشۆڕ. ئەمە بەڕاستی دیمەنێکی نائاساییە لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا. ژیانی ئێستای گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، دیلو گیرۆدەی دەستی پەیداکردنی تیکەی ژیانە.

**لڤین: قۆرخکاری هەردوو هێزەکە (پارتیو یەکێتی) چ کاریگەرییەکی سلبییان لەسەر**

**ڕەوشی ئایندەی هەرێمەکەو ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان هەیە؟**

ئەیوب بارزانی: هەر لەم ڕۆشنایییەوەڕا دەتوانین بڵێین کە زمانحاڵی سەرکردایەتیی کورد لەم چەند ڕستەیەدا کۆدەبێتەوە:

- ئەگەر دەنگم بۆ نەدەیت، نانت دەبڕم.
- ئەگەر فەرمانەکانم جێبەجێ نەکەیت، لەو پلەوپایە دەرتدەکەم، ڕسوات دەکەم.
- ئەگەر بە ئارەزووی من ڕەفتار نەکەیت، فڵان پارچە زەویت نادەمێ.
- ئەگەر ئەوەو ئەوەم بۆ نەکەیت، لە ڕێی دەزگا ئاسایشییەکانەوە شەرفو ئابڕووت دەبەم.

* ئەگەر لە ڕۆژنامەکاندا بەسەر مەزنیو شکۆیی سەرۆکی حیزبدا هەڵنەدەیت، دەتکوژم.

هەر لە سەرەتای ژیانەوە کەسانی هەلپەرستو کاسەلێس هەبوون. بەداخەوە ئەمانە وەك دەستو پێوەند لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا زۆرن. ئەمانە لە هەموو کاتو شوێنێکدا بە جلێکی چڵکنو شۆڕەوە دەرکەوتوون، ئەرکی چەپەڵیان هەمیشە خۆهەڵواسین بووە بە دەسەڵاتداو بووقلێدان بووە بۆ درێژەپێدان بە تەمەنی زۆردارانی کورد. هەروەکو دیاریشە لەم ساڵانەی دواییدا، ڕۆشنبیریی بەعس لە ڕەفتاری سەرکردایەتیی حیزبیدا تەواو ڕەنگیداوەتەوە. ئێستا خۆهەڵواسینو خۆبەختکردن بۆ سەرۆکی حیزب، لە خودی حیزبەکە گرنگترە، حیزبپەرستن لەسەروو نیشتیمانپەروەریو نیشتیمانەوەیە. بەڵام دەبێت ئەوەیشمان لەیاد نەچێت، کە زوڵملێکراویش بەرپرسیارە لەو زوڵمەی لێیدەکرێت، چونکە بێدەنگیو شلبوونی، ئەوەندەیتر زۆرداریی زاڵم بەهێزدەکات.

ناکرێت بەراوردی حکومەتی حیزبی لەگەڵ حکومەتە هاوچەرخییەکاندا بکرێت. لە کوردستاندا چینێکی دەرەبەگی بەکرێگیراو هەیە کە بە درۆو ساختە، حیزبایەتیو بیری نەتەوایەتیو فیدراڵییەتو دیموکراتیو دەستاودەستی دەسەڵات بۆ هێنانەدیی ئامانجە شاراوەکانیان پیادەدەکات. پاوانکردنی دەسەڵاتو هەڵلوشینی ماڵو سامان لەلایان، بێسنوورە. بارودۆخی دەوڵەتیو هەرێمیی ئێستاو بێدەنگیی ئەمریکایان قۆستووەتەوە بۆ توندوتۆڵکردنی دەسەڵاتیانو سەرکوتکردنی ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتیانن. ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی ئەوەی بارودۆخی کوردستان بەرەو ڕووی مەترسیی تەقینەوەی ناوخۆیی ببات‌و سۆزو بەهانایی دەوڵەتانیش بۆ گەلی کورد بەرەبەرە کەمبکاتەوە. ناکرێت ڕابردووی کۆنو ئێستای سەرکردایەتیی هەردوو حیزب لەیەکتر جوێبکرێنەوە. چونکە خەباتی ئێستایان تەواو ڕەنگدانەوەی خەباتی ڕابردوویانە.

دەمەوێت بپرسم: ئایا لە سەردەمانی ڕابردوودا، بۆ لێدانی بەرەو لایەنێکی تری کوردستانی، هاوکاری تەواویان لەگەڵ ئارتەشو دەزگا ئەمنییەکانی دوژمنو داگیرکەرانی کوردستاندا نەکردووە؟ ئایا هەردوو سەرکردایەتیی حیزب بۆ مەبەستی شەخسییان، گەلی کوردیان بەرەو شەڕی ناوخۆ نەبردووە؟ ئایا پاش کارەساتی جینۆسایدی ئەنفالو کیمیابارانو قوشتەپە، هاوکارییان لەگەڵ سەدام حسێندا نەکردووە؟ ئایا چەكو پارەی مفتو ئامۆژگارییان لە سەدام حسێن وەرنەگرتووە؟ ئایا ساختەییان لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا نەکردووە؟ وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو هەمووی (بەڵێ)ن.

ئایا ڕێزیان لە مافی دیموکراسیی گەلی کوردستان گرتووە؟ ئایا بە شێوەیەکی شەفافو دەستپاکی ڕەفتاریان لەگەڵ ماڵو سامانی میللەتدا کردووە؟ ئایا بەڕاستی بڕوایان بە سەرەتاییەکانی گۆڕانو دەستاودەستی دەسەڵات هەیە؟ ئاشکراشە وەڵامی ئەو پرسیارانەش (نەخێر)ن.

لێرەوە کەلێن لەنێوان دەسەڵاتدارو ژێردەست

**ئەم بارودۆخە نالەبارەی ئێستا کە هەیە، بەهیچ جۆرێک پەیوەندیی بە خووڕەوشتو سروشتی بارزانو بارزانییەکانەوە نییەو دژی ڕەفتاری بارزانە**

(رعیه)دا فراوانو فراوانتر دەبێت. نموونەیەکی زیندووت دەدەمێ: دەرباری تاڵانو دزین، پرسیارم لە یەکێك لە بارزانییەکان کرد. دەزانیت ڕای چی بوبێت؟ دەیوت وشەی دزو دزێتی، لای سەرکردایەتیی ئێستا لێکدانەوەیەکی تری لەخۆگرتووە. واتە لای سەرکردایەتیی ئێستا، ئەگەر نەدزیتو نەبڕیت، بە تەممەڵو مشەخۆر دادەنرێیت، بە دواکەوتوو و نەزان ناودەبرێیت. ئەمە ڕەوشتی ڕەوشتی ئاشکراو باوی ئەمڕۆیە لە سەرانسەری کوردستاندا. خەڵکی بێچارەیش بە شێوەیەکی بێئەنداز کەوتووەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە. کێشەکە بەرەو ئاڕاستەی ڕووبەڕووبوونەوە دەڕوات. ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان گەلێکی دوو جار زوڵملێکراو، دوو جار چەوسێنراو، بێبەش لە هەموو پێداویستییەکی ژیانو سەرکردایەتییەکی بەکرێگیراوی گەندەڵ کە بە هیچ چەشنو جۆرێك، نایەوێت گوێی لە دەنگو ئازاری خەڵك بێت.

**ڤین: پێتوانییە ئەو درزە گەورەیەی نێوان جەماوەرو دەسەڵات، ئەگەری لەدایکبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆنی لێوە دەربێت؟**

ئەیوب بارزانی: ئەو کەلێنە فراوانەی نێوان دەسەڵاتدارو خەڵکی ئاسایی، خۆی لە خۆیدا کارێکی ناسازو نەرێیە. لەباتی ئەوەی کاربکرێت بۆ گردکردنەوەی هەرچی تواناو کاری هاوبەشە لەپێناوی چەسپاندنی دیموکراتیی هاوچەرخو هاوهێزیی کار بۆ گشت ڕۆڵەکانی کوردستانو هێنانەدیی گەشەی ئابووریی هاوسەنگ لەنێوان چینو توێژەکانی کۆمەڵ. بە بەرچاوەمانەوە هەرچی وزەو توانای داراییو هزرییە تەرخانکراوە بۆ چەسپاندنو زیاتر پێداگرتنی حوکمو دەسەڵاتی گەندەڵ. فشارهێنان بۆ خنکاندنی ئازادیی کۆمەڵ، بۆ تیرۆرکردنی دەنگی سەربەخۆ، بۆ پەرتاندنی بەرەی ناوخۆ. مەترسیی دوژمنانی دەوروبەریش، بۆ دەستوەرانی ئەو بارە نالەبارو قێزلێکراوە بۆ پیادەکردنی ئەجێنداو پیلانە گڵاوەکانیان، ئەوەندیتر ئاڵۆزیان کردووە.

بەرامبەر هەموو ئەمانە، زیندوویەتیی میللەت دەبووژێتەوەو هەڵدەسێتەوە بۆ ئەوەی لەو کۆتو ژێرچەپۆکییە خۆی دەربازبکات. خەباتکردن لەپێناوی گۆڕینو چاککاری، لە ڕێی خۆڕێکخستنەوەو کۆکردنەوەی جەماوەرەوە دەبێت، یاخود بڵێین پێکهێنانی یارانی دیموکراتیخواز بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵ لەدەست دەسەڵاتی گەندەڵ. من دڵنیام کە هۆکارەکانی گۆڕان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە، بەڵام پێویستیی بە بزواندنو وەگەڕخستن هەیە. ناکرێت ئیتر ئەوەندە چاوەڕێ بکرێت. ئەمانە هەمووی لەبەرچاون، هیوادارم سەرانی ئێستا بەر لە سڕینی عارەقی پەشیمانییان (کە زۆر ستەمە) هۆشیان بە خۆیاندا بێتەوەو کەمێك بەو ڕەفتارو ڕەوشتە ناسازو دەسەڵاتە ناڕەواییەیاندا بچنەوە. ئیتر تا کەی؟ لەو بڕوایەدام کە تا سەر هەروا بۆیان ناچێتە سەر.

**ڤین: لێرەو لەوێ دەوترێت کە مامەڵەی سیاسییەکانی کوردو هێزە ناسیۆنالیستەکان وایانکردووە ئیسلامی سیاسی پەرەبسەنێت، ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟ ئایا تا چەند بەدیلێکی تەندروستە؟**

ئەیوب بارزانی: بێگومان هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان توانیویانە سوود لەم گەندەڵسازییە وەربگرن. خۆیان بخەنە ناو جەماوەرەوەو بەلای خۆیاندا ڕایانبکێشن. ئەو گەندەڵییەش کە تەشەنەیکردووە، تایبەتە بە سەرکردایەتیی کورد کە خۆیان بە پێشڕەوی میللەت داناوەو ڕزگارکەرو پارێزەری مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردستانن. بەڵام جەماوەر چاك دەزانێت کە ئەمانە فسفسپاڵەوانن. تەگەرەو ئاستەمن



Ayub Barzany.indd 3 19/09/2003 12:22:45 Õ

لەبەردەم مافە رەواکانی گەلی کوردستاندا.

ئەز هیچ مەترسییەك لە ئیسلامی مامناوەندا نابینم، ئەگەر خۆی نەبەستبێتەوە بە ئەجێندای دەرەکییەوە. پێموایە کە گەشەکردنی شتێکی سروشتییە لە کۆمەڵگەیەکی کوردستانی موسڵمانو بێوەیدا. بەڵام بڕواناکەم هێزی توندو فشار ئەڵتەرناتیڤ بێتو لای کۆمەڵگەی کوردیش پەسەند بێت. ئەز وایدەبینم کە کاری هاوبەشو هاوئاهەنگیو هاوپەیمانییەکی فراوان، لەنێوان هێزە ئایینییەکانو عەلمانییەکانو نەتەوەییەکان لەسەر بنەمایەکی پاکی نیشتیمانپەروەری، تاکە رێگەیەکی چارەسسازە بۆ دەربازبوون لەم کێشەو ئاڵۆزییەی کە سەرانسەری کوردستانی پێوە گیرۆدەبووە. جووڵانی ئێستا، پێویست دەکات بە دیموکراتییانە هۆکارەکانی گۆڕان بهێنرێنە دی، بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگە لە دارماندنو گەندەڵی. نایشبێت دابینکردنو پاراستنی مافە ئایینیو ئایینزاکانی کوردستان، پەراوێز بخرێن. چونکە فرەڕەنگی نەك هەر سەرچاوەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی کوردستانو مرۆڤایەتی، بەڵکو سامانێکی نەتەوەییو نیشتمانییەو دەبێتە جێی بەهاو شانازی لەنێو گەلانی جیهاندا. لەبەرئەوە زۆر ئاساییە کە هێزە ئیسلامییەکان هاوپەیمانییان لەگەڵ نائیسلامییەکاندا هەبێت. ئەگەر ئێمە بتوانین خۆمان بگەیەنینە ئەو ئاستو قۆناغە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە کاردانەوەیەکی زۆر ئەرێنیی دەبێتو دەبێتە کلیلی چارەسەر بۆ زۆر لەو کێشە ناهەموارانەی کە پێوەی دەناڵێین.

**لڤین: قسەیەك هەیە دەڵێت لە هەر وڵاتێك بەهۆی گەندەڵیی حکومەتەوە، ئیسلامییەکان بوونە ئەلتەرناتیڤ، مەترسیی توندوتیژیو ستەمکاری دێتە ئاراوە، چ لەلایەن دەسەڵاتەوە وەك میسر، چ لەلایەن گروپە ئیسلامییەکانەوە؟**

ئەیوب بارزانی: دیاردەیەك لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا هەیە، زۆر سەرنجڕاکێشە، ئەویش «خۆبەستەنەوەیە بە ئایدیۆلۆژیای دەرەوە». کۆمۆنیستەکانو نەتەوەییەکانو ئیسلامییەکان گوێڕایەڵو پابەندن بە ئایدیۆلۆژیای دەرەوە. حیزبە نەتەوەییەکانی کورد لاسایی حیزبەکانی ناوچەکەو بەتایبەتی حیزبی بەعسی سەدامی دەکەنەوە. هەمان شێوازی دەسەڵاتو داپڵۆسین پەیڕەودەکەن بۆ سەرکوتکردنی میللەت. بە گەندەڵو هەلپەرست ناویان دەرچووە. خۆیان بە بەرژەوەندیو خواستەکانی گەلەوە نەبەستووەتەوە. هێزە دوژمنەکانی کورد لەمێژەو بەدێژایی مێژوو، ئیسلامیان وەك داردەستێك بەکارهێناوە بۆ چەواشەکردنو وەلاخستنی مافەکانی کورد. لەو نموونانەی کە تاکو ئێستایش لەبەرچاون، سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەی کەمالیستەکانو سەرکەوتنی دەسەڵاتی مستەفا کەمال-ە، کە توانیی بەناوی ئایینی پیرۆزەوە، هەموو وزەو توانای گەلی کوردە هەڵبخەڵەتێنێتو بیگلێنێت بە شەڕی ناوخۆوە، لەپێناوی سەربەخۆیی تورکیای نوێدا. بەداخەوە بە درێژایی مێژوو و تاکو ئێستایش، کوردی موسڵمان بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی دەوروبەردا، هەمیشە لە ئاستێکی نزمتردا بووە. ئەوان ئاینیان بەکارهێناوە بۆ داگیرکردنی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتو ئیمپراتۆری بەرفراوان بۆ خۆیان. عەرەبو فارسو تورك توانییان لەم بوارەدا ئامانجەکانی خۆیان بهێننە دی، لە کاتێکدا کورد نەك هەر بە دواکەوتوویی مایەوەو نەیتوانی بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەڵکو بووە ژێردەستەی ئەو میللەتانەی دراوسێو وایلێهات کە هەموو مافە سروشتییەکانی ژیانی زەوتبکرێتو دووچاری زوڵمو دواکەوتوویی ببێت.

ساڵی (٢٠٠٤) وتارێکم بەناوی (بای گۆڕانکاری لە کوردستاندا) لە گۆڤاری رۆشنگەری ژمارە (١٧)دا بڵاوکردەوە. مەبەست لە نووسینی ئەو وتارەیش، جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەوەی کە بای گۆڕانکاری لە رۆشنبیرانی شاری سلێمانییەوە هەڵدەکاتو بەرەبەرە خۆیدەکات بە هەولێرداو پاشان بە ناوچەی بادیناندا. ئەم شارە کە تا رادەیەکی زۆر لە کۆتی رۆشنیریی دەرەبەگایەتی ئازادە، بەڵام ناوچەی بادینان کە تا ئێستا ئەو دەسەڵاتی کەمینە ئاغایەتییەی تێدا باوەو بەدرێژایی سەدەی رابردوو، جێی چاوتێبڕینی حکومەتە یەکبەدواییەکەکانی بەغدا بووەو هەوڵدراوە کە چڵکاوخۆرو بەکرێگیراوی تێدا دروستبکرێتو پەیوەندیی راستەوخۆیان بە سەرانی دەوڵەتی بەغداوە بێتو سەرکردەی پارتی هەمیشە پشتگیری ئاغایەتی بووە. لەبەرئەوە زۆر ئاساییە کە بە سەرۆكو لێپرسراوانی حیزبەوە، لە باوەشی رژیمی سەدام حسێندا بن، بەتایبەتی لە نێوانی ساڵانی (١٩٩١) بۆ (٢٠٠٣).

**لڤین: ئایا کشانەوەی نەوشیروان مستەفا، چ گۆڕانێکی دروستکرد لەناو یەکێتیو دۆخی سیاسیی کوردستاندا، پێتوایە بەرهەمێکی ئەوتۆی هەبوبێت؟ تا چەند ئەگەری ئۆپۆزسیۆنبوون لەو پێشمەرگە دێرینەی دوێنێو نەیارەی ئەمڕۆ بەدیدەکرێت؟**

ئەیوب بارزانی: پێموایە ئەوە گۆڕانکارییانەی کە ئەمڕۆ لەناو (ی.ن.ك)دا قسەی لەسەر دەکرێت، کارێکی سروشتی بێت لە شارێکی هۆشیارو بێداردا لە رووی سیاسییەوە. بەئاگایە لەو زوڵمەی لە بەڕێوەبردندا دەکرێت کە بەهیچ شێوەیەك لە ئاستی بەرپرسیاری مێژووییدا نییەو بەرپرسیاریشە لەو نەهامەتییەی کە بەسەر داهاتووی کوردستاندا دێت. لێرەدا دوو دیمەنی دژواری روونو ئاشکرا دەبینرێت:

- لەنێوان تێڕوانینی «رۆڵەکانی شاری هۆشیار»و رێگەی بەڕێوەبردن بە چەشنێکی دواکەوتوو و بەشەخسیکردنی دامودەزگاکان.
- لەنێوان سەرکردایەتییەکی مێشك جماوو جەماوەریکی بەپەرۆش بۆ بزاوتنو بەرەوپێشەوە چووندا.
- لەنێوان پێوەندێکی خنکاوی پەنگخواردوو و ئارەزووی دەربازبوون بۆ کەشوهەوایەکی رەها.

دیاریشە کە لایەنی نەفسبەرزیو خۆبەدەس تەوەنەدان، رۆڵی گرنگ دەگێڕن لە رۆڵەکانی شاری هۆشیاردا، شارێك کە دەیەوێت بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێتو هەمیشە چاوی لە دوارۆژەو نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ دواوە. لەبەرئەوە


بارزان ئەو گوندەی حوکمی کوردستان دەکات



Ayub Barzany.indd 4 19/09/2003 12:22:46 Õ

له بەرژەوەندیی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)دایە، كە لەو راستییە تێبگاتو رێز لە خواستو ویستی جەماوەری كوردستان بگرێت. ئەو شێوە حوكمە ئاغایەتییەی سەركردایەتیی (پ.د.ك) كە لە هەولێرو بادینان پیادە دەكرێت، لە شاری هۆشیاردا جێینابێتەوەو هیچ زەمینەیەكی بۆ سەوزنابێت. باوەڕناكەم ئەو كێشانەی لەناو (ی.ن.ك)دا روودەدەن، مۆركێكی كەسێتی لەخۆگرتبێت، بەڵكو داخوازییەكی جەماوەریی قووڵەو كاردەكات بۆ تێپەڕاندنی ئەو بەڕێوەبردنە دواكەوتووەی ئێستا.

**لڤین: لە ساڵانی رابردوودا گەر بە هەڵەدا نەچوویم، لەبارەی ئاینو رەچەڵەكی بارزانییەكانەوە نووسینێكت هەبوو، ئەوەش دەزانرێت كە چەند خاڵێكی ناڕوون لەو مەسەلەیەدا هەیەو بە كەمی روونكراونەتەوە، ئێوە جیاوازیی بارزانییەكان وەك بنەماڵەو وەك ئاین لە چیدا دەبینن؟ یان دەوترێت بارزانییەكان لەم چەند سەدەیەی دواییدا، لە وڵاتێكی ترەوە هاتوونەتە كوردستان، تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایت؟**

ئەیوب بارزانی: دەمەوێت ئەوە بڵێم كە بەڵگەو ژێدەری نووسراوی وام بەرچاو نەكەوتووە، كە ئاماژە بە زێدێكی تری بنەماڵەی بارزانییەكان بداتو لەوێوەڕاوە هاتبن بۆ ناوچەی بارزان. ئەوانەی كە لەلامن، ئاماژە بۆ ئەوە دەدەن كە دانیشتووی رەسەنی ناوچەی بارزانن. بۆ زیاتر لێتۆژینەوە لەم بوارە، گەڕانەوە بۆ ئەو تۆمارە مێژووییانەی كە لە كڵێسەو دێرو مزگەوتەكاندا پارێزراوەو تێیدا زانایانی هەر سێ ئاینەكە (یەهودی، مەسیحیو ئیسلام) لەسەر ئەم ناوچەیە نووسیوویانە. پێكەوەهەڵكردنو ژیانگوزەرانی ئەم سێ ئاینە بەبێ هیچ كێشەیەك، ئاماژەیە بۆ ئەوپەڕی گیانی لەخۆبوردن لەم ناوچەیەی كوردستاندا. هەر لە سەردەمانێكی زۆر دێرینەوە، پەرستگای یەهودیو كڵێسەی مەسیحیو مزگەوتی تێدابووە، كە نزیكەی پەنجا مەتر لەیەكترییەوە دووربوون. دەسنووسێكی شێخ عەبدولسەلامی یەكەم هەیە، كە ئاماژە بۆ مێژوویەك دەكات كە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەم، دەشێت لەو هەندێك زانیاری لەو دەستنووسە وەربگیرێت.

لە ناوچەی بارزاندا راستییەك هەیە، ئەویش بەراووردكردنێتی بە شێخنشینەكانی تری دەوروبەر. شێخیتی بارزان لە رێی بەرهەڵستیی دژ بە دەسەڵاتی ئاغایانی بەكرێگیراو، نزیكەی سەدەیەكی خایاند. بەتایبەتی ئەو ئاغایانە لە ناوچەی زێبار بە چەندین جۆرە زوڵمیان لە خەڵكی گوندەكان دەكرد. بۆ زیاتر روونكردنەوە، دەتوانم ئەوە بڵێم كە دوو جۆر ئاغا لەنێو كۆمەڵگەی كوردەواریدا هەیە. ئاغایانی چیانشین، كە كەمتر دەوڵەمەندترو زالمترن لە جۆری دووەم، كە ئاغایانی دەشتنشین دەوڵەمەندترن. هەمیشە پیشەی زۆر لەو ئاغا چیانشینانە، چەتەییو جەردەییو خۆسەپاندنو بەسوغرەگرتنی خەڵكی هەژاری گوندەكانە. ئەمانە بەڕاستی زۆردارو بكوژ بوون.

لەنێو ئەم ناهەموارییەدا، ناوچەی بارزان بەهۆی ئامۆژگارییەكانی رێبازی نەقشبەندییەوە، توانیی كۆمەڵگەیەكی یەكگرتووی رابوو لە دژی زوڵمو ستەمی ئاغایان دابمەزرێنێت. هەرچی وزەو بڕستیان هەبوو، تەرخانیان كرد بۆ خەبات لەپێناوی مافەڕەواكانی كورد. ئەم خەباتە لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی یەكەمدا، كە هاوچەرخی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو، لە راپەڕینەكەی ساڵی (١٨٨٠) بەشداریی كرد. دواتر لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەمیشدا، كە ساڵی (١٩١٤) لە شاری موسڵ لەسێدارە درا، هەر لەگەڵ بزاڤی نیشتیمانیی كوردیدا بوون. شێخ پەیوەندیی تەواوی لەگەڵ

**ئەو كێشانەی لەناو (ی.ن.ك)دا روودەدەن، مۆركێكی كەسێتی لەخۆگرتبێت، بەڵكو داخوازییەكی جەماوەریی قووڵەو كاردەكات بۆ تێپەڕاندنی ئەو بەڕێوەبردنە دواكەوتووەی ئێستا**

رێكخراوە سیاسییە كوردییەكانی ئەستەمبوڵو واندا هەبوو. هەر لەو سەردەمەدا، هەمیشە لە بەرەنگاریدا بوو لەگەڵ ئاغا ئەڵقەلەگوێكانی دەوڵەتی توركیا. لەو ئاغایانەی كە خۆیان گلاندەبووە ناو ئەو ناپاكییە، باپیرو خاڵەكانی سەرۆكی (حدك)ی ئێستا، مەسعودی مەلا مستەفا بوو كە خودی خۆی لەو نێوەندەدا گۆشو پەروەردەبوو. ئەم دیاردەی بەكرێگیراوییە، لە سەردەمی پاشایەتیو جمهورییشدا بەردەوام بوو. لەملایشەوە بارزان هەر لە بەرەنگاری بەردەوام بوو. بەڵام پاش كۆچی دوایی شێخی پێنجەمی بارزان (شێخ ئەحمەد). مەلا مستەفا لە بارزان شەڕی میراتگەریی هەڵگیرساند، بەتایبەتی لەناو كوڕەكانی خۆیو لەناو كوڕەكانی شیخ ئەحمەددا، رۆڵێكی زۆر خراپی گێڕا لە پەرتەوازەكردنی یەكگرتوویی بارزانییەكان، كە نە لە بەرژەوەندیی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو و نە لە بەرژەوەندیی گەلی كوردو بەرژەوەندیی بارزان بوو. بەڵكو هەمووی لە بەرژەوەندیی رژێمە زاڵمەكانی كوردستان بوو، بەتایبەتی رژێمی سەدام حسێن، كە لەوپەڕی زوڵمو زۆرداریدا بوو دژ بە گەلی كوردی ستەمدیدە.

ئەوەی كە باوە لە ناوچەی بارزاندا، خۆدوورخستەوە بووە لە موڵكداری، كە ئەمە سەرچاوەی هێزو گەورەیی ناوچەكە بووە. شێخانی بارزان هەرگیز دەوڵەمەند نەبوون، هەرگیز بایەخیان بە ماڵو سامانی دونیا نەداوە. زۆر لە نووسەرانو مێژوونووسان ئاماژەیان بۆ ئەو دابونەریتەیان داوە، لەوانەیش كەشیشێكی ئەنگلیكانی بەناوی دەبلیو ویكرام، لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا بەناوی (لانكی پسات). بنەماڵەكانیان هەمیشە لەنێو خەڵكی سادەدا بوونو بەبێ هیچ جیاوازییەكیش ژیانیان لەگەڵیاندا گوزەراندووە. ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ كتێبەكەم بەناوی (بارزان وحركه الوعی القومی الكوردی) ئەو زانیارانە سەبارەت بە گەشەو پێشكەوتنی سەرچاوەی هێزی بارزان دەبینیتەوە. لەبەرئەوە گەر بەراوردێكی خوڕەوشتی بارزانییەكانی رابردوو بكەیت لەگەڵ ئەو خوڕەوشتانەی سەردەمی ئێستا لەژێر دەسەڵاتی مەسعودی كوڕی مەلا مستەفادا، كە جێی شەرمەزارییەو قێزی لێدەكرێتەوە. ئەم بارودۆخە نالەبارەی ئێستا كە هەیە، بەهیچ جۆرێك پەیوەندیی بە خوڕەوشتو سروشتی بارزانو بارزانییەكانەوە نییە، بەڕاستی دژی رەفتاری بارزانە.

دیاردەیەكی زۆر گرنگ هەیە كە بەڕاستی شیاوی باسكردنە، ئەویش ئەو یاسا سروشتییەی كە ببووە دابونەریتێكو لە ناوچەی بارزاندا پیادەدەكراو هەموو كەس خوایشتانە پابەندبوون پێوەی بۆ پاراستنی ژیوار (environment). بۆ نموونە: پاوانكردنی كوشتنی ماری رە، وێرانكردنی شارە هەنگ، راوی باڵندەو گیانلەبەر لە كاتی ئاوخواردنەوەو وەرزی زاوزێدا، راوەماسی بە بۆمبا، بڕینی درەختی بەردارو سێبەردار، باركردنی گیانلەبەری گواستنەوە زیاتر لە توانای خۆی. رواندنی جۆریك لە رۆشنبیریی رەسەن لەناو ناوچەكەدا، لە سەرەتای سەدتەی نۆزدەمەوە تا كۆچی دوایی دوا شێخی بارزان شێخ ئەحمەد لە ساڵی (١٩٦٩). ئەمانەی كە لەسەریان دەدوێم، مشتێكە لەو خەرمانە بەپیتەی كە لە ناوچەی بارزاندا هەبووە. هەر ئەمەیش وای لە سروشتی خەڵكو كەشوهەواكەی كرد، كە دژیارو نەیاری بۆ پەیدا ببێتو تاوانی نابەجێو ناڕەوای بخەنە پاڵ.

ئەگەر پێتانخۆشبێت، دەتوانن سەیرێكی ماڵپەڕی (www.kcdme.com) بكەن، تا رادەیاك رێتان بۆ خۆشترو ئاسانتر دەكات بۆ زیاتر زانیاریوەرگرتن لەوبارەیەوە.



Ayub Barzany.indd 5 19/09/2003 12:22:46